
# نیاز لەتیف لە گێلەپیاودا شەڕی نەوەکان دەخاتە روو

**ڕاپۆرتی - دێرین کاردۆیی**



**نیاز لەتیف : نەبوونی کاستێکی پرۆفیشناڵ لە درامادا کێشە دروستدەکات**

هونەرمەند(نیاز لەتیف) ئێستا سەرقاڵی مۆنتاژکردنی فیلمێکی درامییە لەژێر ناوی (گێلەپیاو) لە سیناریۆی (نەوزاد حارس) و نواندی ڕۆڵی سەرەکی لە لایەن هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش)وە ، ئەمە جگە لەوەی زیاتر لە (200) ئەکتەر ڕۆڵی تێدا دەبینن وەك (یاسین قادر بەرزنجی و مستەفا ئەحمەد و عومەر کەریم ئاغا و قادر مستەفا و شیروان عزەت و جەمالی حەمە کۆڵ و ڕوبار ئەحمەد و کەمال دڵشاد و بان غازی و نیاز جەمال و...) شایەنی باسە هەر لەم فیلمەدا نزیکەی (200) کۆمبارس ڕۆڵ دەبینن و وێنەکانی لە هەریەك لە شارەکانی (سلێمانی و هەولێر و قەرەداغ و شارباژێڕ و هەورامان و دوکان و چەند دیمەنێك لە ئاوایی شێخ مستەفا و سیتەك) گیراوە هەریەك لە (هێمن عەزیز و پێشەوا تەیب) کاری وێنەگرتنیان ئەنجامداوە و مۆنتاژی لە لایەن(کاروان زامدار)ەوەیە و کاری بەرهەمهێنانی لە ئەستۆی (سەتەلایتی کوردستان)دایە، سەبارەت بە کارەکەی هونەرمەند (نیاز لەتیف) وتی"ڕاستی بۆخۆم یەکەمجارمە کە کاری دەرهێنان بۆ درامایەکی تەلەفزیۆنی ئەنجام دەدەم، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵماندداوە تا ئەوپەڕی کاریٚ بکەین لەپێناو باشتر وەبەرهێنانی دراماکە وەك ئەزمونێکی نوێی کاری درامی، وەك بابەتیش پێموایە ئەو دەقەی کە هەڵمان بژاردووە تاڕادەیەك نزیکایەتییەکی زۆری هەیە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆماندا هەوڵمداوە لە کارەکەدا لە ڕێگەی کارەکتەری سەرەکییەوە کە (فەریدە)یە تیشك بخەمە سەر ئەو جەدەلە قوڵەی لە نێوان هەریەکە لە (کۆمەڵگا و دەسەڵات و تاکدا) هەیە لە ڕێگەی کۆمیدیاوە وە شتێکی تر کە کارمان لەسەر کردووە جیاوازی نێوان نەوەکانە ئەوانەی کە دوێنیٚ باوەش بۆ هەمووشتێك دەکەنەوە ئەوانەی ئەمڕۆ کە لاوانن چۆن بە چاوێکی ڕەخنەییەوە دەڕواننە شتەکان، بۆ دەرخستنی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لاوی ئەمڕۆمان و بەدحاڵی بوونی ئەوانەی دوێنیٚ"

هەروەها نیاز لەتیف وتی "بەتەئکید نەبوونی کاستێکی پرۆفیشناڵ لە هەموو بوارەکاندا کێشە دروست دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی لە کوردستاندا ئێمە ناتوانین کاستێکی پرۆفیشناڵمان لە بواری درامادا هەبێت ناتوانین وەك پێویست و بەبیٚ کەم و کوڕی کارەکانمان بەڕێوە ببەین لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت بە دیقەتەوە کاربکەین و بتوانین کارێکی باش بەرهەم بهێنین".